# ئاستی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە

**فریدە محمد محمود[1] - سۆلاڤ فائق محمد[2] - فؤاد خالد سعید[3]**

[1+3]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە دۆزینەوەی ئاستی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢١-٢٠٢٢)، توێژەران پشتیان بەست بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبو لەسەرجەم مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی (سێیەم) لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی کە ژمارەیان (١٤٨) قوتابخانە بو، نمونەی توێژینەوەکەش پێکهاتبو لە (٢٥٤) مامۆستا لەهەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، (١٠٣) مامۆستای ڕەگەزی نێر و (١٥١) مامۆستای ڕەگەزی مێ بو، هەروەها توێژەران فۆرمی ڕاپرسییان دروستکرد بەپشت بەستن بە ڕاپرسیەکی کراوە بۆ بەشێک لەمامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە و سەرچاوە و توێژینەوەکانی نزیک لەم بابەتە پاشان بەناو کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا بڵاوکرایەوە بۆ کۆکردنەوەی ڕا جیاوازەکان لەتێڕوانینی مامۆستایانی بابەتەکە لەهەردو پەروەردەکە، ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسییەکە لە کۆمەڵێک تەوەرەو بڕگەی زانستی و پەروەردەی پێکهاتبو، توێژەران دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و دروستی پێوەرەکە بەپێی ڕای شارەزایان وپسپۆڕان. دواتر بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی، بە پشتبەستن بەڕێگەی بەنیوەکردن و ئەلفا-کرونباخ نرخی جێگیری ئامرازەکە دەرهێنرا، دواتر هەڵسان بە جێبەجێکردنی بەسەر نمونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە، پاشان ئامرازەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا بە بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکان، لەگەڵ شیکردنەوەی گۆڕاوی (ڕەگەز، بڕوانامەی زانستی، پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) بەمەبەستی دەرخستنی جیاوازیەکە. توێژەران گەشتن بەوەی کە ئاستی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرزدایە، و جیاوازیەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بڕوانامەی زانستی و گۆڕاوی پسپۆڕی، لەگەل ئەوەشدا دەرئەنجامەکە ئەوەی سەلماندوە، کە جیاوازی ئاماری هەیە

لە ئاستی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

**کلیلە وشەکان:** مامۆستا، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، خوێندنی ئەلیکترۆنی، خوێندنی بنەڕەتی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper4

**Received:** 17-July-2022

**Accepted:** 29-Aug-2022

**Published:** 29-Sep-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

fareeda.mahmood@univsul.edu.iq

solav.ali@univsul.edu.iq

fuad.said@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## بەشی یەکەم

## کێشەی توێژینەوەکە:

پرۆسەی فێربون چالاکیەکی خودییە و فێرخواز بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست بێت و خۆی لەگەڵ ژینگەکە بسازێنێت بەئەنجامی دەگەیەنێت، ڕوڵی پەروەردەو فێرکردن ئەوەیە کە هەوڵبدرێت لەڕێگەی شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پرۆگرام و ئامرازە جۆربەجۆرەکانی تروە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری فێرخوازاندا بکرێت، فێربون وەک پرۆسەی ژیری لەڕێگەی شوێنەوارەکانیەوە هەست بەڕودان و کاریگەرییەکانی دەکرێت، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و چاککردنی ڕفتاری تاک، ئەو گۆڕانکاریەش لایەنی هەڵچون و سۆزداری بێت یان لایەنی ژیری کۆمەڵایەتی جەستەیی، گرنگ ئەوەیە لەکۆتایدا ببێتە بەشێک لەڕفتارو کەسێتی مرۆڤ.(رسول، ٢٠١٤، ١٤).

خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێک لەپرۆگرامی خوێندن سەرچاوەیەکە بۆ فێربونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی کە لە ڕێگایەوە تاک دەچێتە ناو ژیانێکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی سروشتی دابونەریتی کۆمەڵگاکەیەوە (محمود،٢٠٠٨: ٥)، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش جیاواز لەبابەتەکانی تری پەروەردەو فێرکردن ڕۆڵی کارا دەگێڕن لەپەرەپێدانی توانای فێرخواز لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرەکەی، ئەو بابەتانەشی کە لەم پرۆگرامەدا دەخوێندرێت لەهەمو بابەتەکانی تری خوێندن زیاتر پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارانەوە، هەر لەبەرئەوەیە توانای بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، ئەویش بریتییە لەهەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو (العیسي، ١٩٧٤: ٢).

گومان لەوەدا نییە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشـــەکردنێکی خێراو بەردەوامدایە لەهەمو بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی لەبواری پەروەردەو فێرکردن و بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش لەڕێگەی پرۆگرام و ئەپڵیکەیشــنە جۆراوجۆرەکانی بواری فێرکردنەوە بەدیدێت، لەم ســۆنگەیەوە پرۆســەی بەئەلیکترۆنی کردنی خوێندن و فێرکردن بەگرنگترین ســـەرچاوەی کێبڕکێ هەژماردەکرێت لەنێوان وڵاتانی جیهاندا، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی زانیارییدا، چونکە پرۆســەی خوێندن و فێرکردن کلیلی تێپەڕبونە بۆ چونە ناو ســەردەمی مەعریفەو پێشــکەوتنی کۆمەڵگەکان (کاکە شــێخ، ٢٠١٨: ٢٠-٢١). هەر بۆیە پســپۆڕانی بواری پەروەردە لەهەوڵی ئەوەدان لەڕێگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە زۆرترین سود بگەیەنن بەپرۆسەی فێرکردن و باشکردنی چۆنایەتی پرۆسەی پەروەردە، بەگەڕانەوەیان بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری چ لەبواری مادی وەک کەلوپەلەکانی تەکنەلۆجیا، چ لە پرۆگرامسازی و ئەپڵیکەیشنە بەرفراوانەکانی بواری تەکنەلۆجیای زانیاری، لەبەرئەوەی یارمەتی مامۆستاو خوێندکار هەروەها کارگێڕی خوێندنگاکان دەدات لەدانانی پلانێکی گونجاو لەپێناو ئامادەکردنی نەوەیەک کە توانای وەرگرتنی گۆڕانکارییە تازەکانی تەکنەلۆجیا وشۆڕشی زانیاریەکانی هەبێت (عبدالله و ئەحمەد، ٢٠١٨: ٣٧). هەر لەبەر ئەمەش لەدوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنا (COVID 19) بەشـــێوەیەکی بەرچاو لەهەرێمی کوردســـتان، حکومەت ناچارکرا کە زۆربەی زۆری کاروباری فەرمانگەو دام ودەزگاکانی بکاتە ئەلیکترۆنی لەناویشـــیادا ســیســتەمی پەروەردەو فێرکردن بۆ ئەوەی خوێندکاران دانەبڕێن لە خوێندنی وانەکانیان، لەڕێگەی سیستەمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنیەوە کە زۆربەی زۆری بابەتەکانی خوێندنی پۆلە ناکۆتاکانی تێدا دانرا بۆئەوەی خوێندکاران بتوانن لەڕێگەیەوە درێژە بە وانەکانیان بدەن، بۆیە کەرتی پەروەردە توشی کێشەی زۆربۆوە لەڕێگەی بونی خوێندن بە شێوازی ئەلیکترۆنی.

کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەبونی گرفتی وانە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا دەبینێتەوە کە لە ماوەی ئەم دو ساڵەی ڕابردودا چەندین گرفت باسکراوە لەکەناڵە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن و توێژەرانیش تێبینیان کردوە، هەر بۆیە توێژەران بەوردی دەگەڕێن بە دوای وەڵامێکی زانســتی ئەم پرســیارەدا بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەشاری سلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟

## گرنگی توێژینەوەکە

توێژەران گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەنەوە:

1- گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی ئاگاداربون لە پێویستییەکانی مامۆستایانی قوتابخانە ناوەندییەکان بۆ وتنەوەی وانە بەڕێگەی ئەلیکترۆنی لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

2- سودی هەیە بۆ مامۆستایان بەگشتی و بەتایبەتی تر مامۆستایانی قۆناغە بنەڕەتییەکان بۆ دەستنیشان کردنی سەرجەم پێویستیەکانی وانەوتنەوە بۆ مامۆستایان بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی.

3- ئەم لێکۆڵینەوەیە سودی دەبێت (یارمەتیدەر دەبێت) بۆ پشتگیری و هاندانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی (شێوازی ئەلیکترۆنی) لەوانەوتنەوەدا.

4 -سودی دەبێت بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا و توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لە ڕێگەی هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن بۆ پسپۆریەکانی تر.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

1 - زانینی ئاستی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەشێوەیەکی گشتی؟

2 - زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

3 - زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی.

4 - زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

5 - زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

## سنوری توێژینەوەکە:


**سنوری بابەتی:** بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەوانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرجەم ئەو خوێندنگا بنەڕەتیانەی کە کەوتونەتە سنوری پەروەردەی شاری سلێمانی، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)

**سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە پەروەدەی شاری سلێمانی قۆناغەکانی (٧، ٨، ٩).

**سنوری کات:** ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢.

**سنوری شوێن:** خوێندنگا بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری سلێمانی .

**نەخشەی (1) سـنوری شـارەوانی سـلێمانی**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی ARC GIS 10,8 و پشت بەست بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، هۆبەی هونەری نەخشەی شارەوانی سلێمانی ٢٠٢١**

## پێناسەی چەمکەکان:

- **مامۆستا:** الطيطي واخرون (٢٠٠٢) پێیانوایە کە: مامۆستا ئەو کەسەیە کە کرداری فێرکردن ئەنجام دەدات و ئەزمون و شارەزاییەکان بۆ فێرکراوان دەگوازێتەوە و سەرچاوەی سۆزە بۆیان و پەروەردەیان دەکات (الطيطي واخرون، ٢٠٠٢: ٣٤٦).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ مامۆستا:** مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان لەپەروەردەی شاری سلێمانی قۆناغەکانی (٧، ٨، ٩) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢.
- **زانستەکۆمەڵایەتییەکان:** أحمد ونوری (٢٠١٩) پێیانوایە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان: یەکێکە لەگرنگترین بابەتەکانی خوێندن، لەبەرئەوەی بابەتێکی گشتگیرو کۆمەڵێک زانستی کۆمەڵایەتی گرنگ لەخۆدەگرێت، هەرچەند بەشێوەیەکی گشتی لە مێژو و جوگرافیا پێکدێت، بەڵام ناوەڕۆکە زانەکی وپەیڕەوی خوێندن وکارامەییەکەی تێکەڵی زانستەکانی تری وەکو ئابوری و کۆمەڵناسی و ئامارو ڕامیاری و چەندانی تر دەبێت. (أحمد و نوری، ٢٠١٩: ١٢٣-١٢٤)
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان:** زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەرجەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بابەتی کۆمەڵایەتین و لەقوتابخانە بنەڕەتییەکاندا لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بڕیاری لەسەر دراوە بخوێنرێت، لەقۆناغی (چوار بۆ نۆی) بنەڕەتی کە بریتین لە هەریەکە لە جوگرافیا- مێژو- هاونیشتمانی بون- پەروەردەی مەدەنی- بەها کۆمەڵایەتییەکان و بابەتەکانی تری پەروەردە لەخۆدەگرێت، کە لەلایەن مامۆستایانی تایبەت بەو بابەتانە دەوترێتەوە.
- **خوێندنی ئەلیکترۆنی:** دعمس (٢٠٠٩) دەڵێت: خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکە بۆ فێرکردن بەبەکارهێنانی میکانزمەکانی پەیوەندی هاوچەرخ لە کۆمپیوتەرو تۆڕەکانییەوە و فرە میدیایەک لەدەنگ و ڕەنگ (وێنە) و وێنەکێشان، شێوازەکانی گەڕان و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و هەروەها دەروازەکانی ئینتەرنێت چ لە دورەوە و چ لەپۆلی خوێندندا، کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایە بەهەمو جۆرەکانییەوە لە گەیاندنی زانیاری بە فێرخواز لە کورتترین ماوەدا. (دعمس، ٢٠٠٩: ١٣١).
- **خوێندنی ئەلیکترۆنی:** غلوم (٢٠٠٣) پێناسەی دەکات بەوەی کە: فێربونی ئەلیکترۆنی سیستمێکی پەروەردەییە کە تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان بەکاردەهێنرێت بۆ پتەوکردن و فراوانکردنی پرۆسەی پەروەردەیی لەڕێگەی کۆمەڵێک ئامرازەوە لەوانە: کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و بەرنامە ئەلکترۆنییەکان کە لەلایەن پسپۆڕان شارەزایانی وەزارەت یان کۆمپانیاکان دادەنرێت. (غلوم، ٢٠٠٣: ٣).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی:** بریتییە لەو ڕێگاو ڕێکار وتەکنیک و شێواز وئەپڵیکەیشنە ئەلیکترۆنیانەی لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بڕیاری لەسەر دراوە لە بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا بەکاربهێنرێت.

- **خوێندنی بنەڕەتی**: قادر (٢٠٢٠) دەڵێت: ماوەی پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی (٩) ساڵە، فێرخواز دوای تەواوکردنی باخچەی منداڵان، لەتەمەنی (٦) ساڵی پەیوەندی بە قۆناغی بنەڕەتی دەکات، قۆناغی بنەڕەتی بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان، کەلە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەندکراوە، قۆناغی بنەڕەتی پێکهاتوە لە پۆلەکانی (١-٦) و (٧-٩)، واتا فێرخواز لەتەمەنی (٦ بۆ ١٥) ساڵی لەقۆناغی بنەڕەتی بەردەوام دەبێت. (قادر،٢٠٢٠: ٢٧٠-٢٧١).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ خوێندنی بنەڕەتی:** ئەو قۆناغە خوێندنەیە کە لە تەمەنی (شەش) ساڵی دەست پێدەکات تاکو تەمەنی (پانزە) ساڵی بۆ قۆناغەکانی (یەک بۆ نۆ)ی بنەڕەتی، کەبە قۆناغی سەرەتایی خوێندنی خوێندکار لەقوتابخانە دادەنرێت، دو ئاستی خوێندن لەخۆدەگرێت ئەوانیش (سەرەتایی و ناوەندی) لە هەرێمی کوردستانی عێراق پیادە دەکرێت.

## بەشی دوەم

### - توێژینەوەکانی پێشو:

لەم بەشــەدا، گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پێشــو کە لەم توێژینەوەیەوە نزیکن بەمەبەســتی شــیکردنەوەو دەرخستنی لایەنە هاوبەش و لێکچون و جیاواز و ئاست و ڕادەی سودبینین لێیان، لەپاڵ پیشاندانی شوێنی ئەم توێژینەوەیە لەنێو توێژینەوەکانی تردا دەخرێنەڕو، بەم شێوەیە:

## خشتەی (١) خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشو

| ناوی توێژەرو ولات وساڵی ئەنجامدانی | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | میتۆدی توێژینەوە | کۆمەڵگەی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | دەرئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| الحربي<br>سودان<br>٢٠٠٧ | مطالب استخدام التعليم الإلكتروني لتدريس الرياضيات بالمرحلة الثانوية من وجهة نظر الممارسين | - دیاریکردنی پێداویستییەکانی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی دەبێت لە هەریەکێک لە: (مەنهەجی بیرکاری لە قۆناغی ناوەندی، مامۆستای بیرکاری بۆ قۆناغی ناوەندی، ژینگە پەروەردەیی) لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە، هەروەها دەستنیشان کردنی ڕادەی گرنگی و بەردەستبونی داواکارییەکانی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە، دەستنیشان کردنی ئەوەی کە تا چەند جیاوازی لە نێوان پلەی گرنگی و ڕادەی بەردەستبونی داواکارییەکانی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی مامۆستایان هەیە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی پراکتیکی فێربونی ئەلیکترۆنی. | وەسفی | پسپۆڕان ومامۆستایانی خوێندنگە ناوەندییەکان لەبابەتی بیرکاری کەژمارەیان (٨٦)پسپۆڕو (٣٠) مامۆستا بون. | ڕاپرسی | - سەرجەم داواکاریەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە (پلاندانان وجێبەجێکردن وهەڵسەنگاندن)، ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستا، پێداویستییەکانی ژینگەی پۆل کە لە ئامرازی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە لە پلەیەکی بەرزدایە. |
| السفياني<br>سعوديه<br>٢٠٠٨ | أهمية واستخدام التعليم الإلكتروني في تدريس الرياضيات بالمرحلة الثانوية من وجهة نظر المعلمات والمشرفات التربويات | گرنگی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لەبابەتی بیرکاری قۆناغی ئامادەیی لەڕوانگەی مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دا لەخوێندنگا حکومی وئەهلییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ئاستی زانستی، پسپۆڕی پیشەکە، ساڵانی خزمەت) | وەسفی | سەرجەم مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی بیرکاری لەقۆناغی ئامادەیی لەقوتابخانە حکومی ئەهلییەکانی شاری جەدە کەژمارەیان (٢٥٠)کەس بو (٢٠٥)مامۆستا (٤٥)سەرپەرشتیار | ڕاپرسی | فێربونی ئەلیکترۆنی لەئەرکەکانی پرۆگرامی بیرکاریدا لەڕوانگەی نمونەی گشتی توێژینەوەکە بۆ دیاریکردنی پلەی گرنگی وبەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لەپلەیەکی بەرزە، و لە ڕۆڵی مامۆستاشدا هەر بەپلەیەکی بەرزە. |
| الردادي<br>سعوديه<br>٢٠٠٨ | اتجاهات المعلمين والمشرفين التربويين نحو استخدام التعليم الإلكتروني في تدريس مادة الرياضيات في المرحلة المتوسطة | ئاڕاستەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەرەو ڕێکخستنی پرۆگرامی بیرکاری و ڕۆڵی مامۆستا و ڕۆڵی قوتابی، پێکهاتەی ژینگەی پۆل وشێوازی گونجاوی هەڵسەنگاندن لەکاتی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لەبابەتی بیرکاری لەقوتابخانەی ناوەندیدا. | وەسفی | سەرجەم مامۆستایانی بیرکاری وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەقۆناغی ناوەندی کە(٢٠٦)مامۆستاو (١٢)سەرپەرشتیار | ڕاپرسی | ئاڕاستەی مامۆستایان وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەرەو دیزاین وڕێکخستنی پرۆگرامی بیرکاری بەبەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترونی لەوتنەوەی وانەی بیرکاریدا بەپلەیەکی بەرز، وەڕۆڵی مامۆستا وڕۆڵی فێرکارو ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو ژینگەی پۆل وهەڵسەنگاندن بەپلەیەکی بەرز. |
| الشناق و دومي<br>ئوردن<br>٢٠١٠ | اتجاهات المعلمين والطلبة نحو استخدام التعلم الإلكتروني في المدارس الثانوية الأردنية | زانینی ئاڕاستەی مامۆستایان وخوێندکاران بەرەو بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەزانستدا | ئەزمونی | مامۆستایان وخوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لەبابەتی فیزیا کەژمارەیان (٢٨)مامۆستاو (١٢٠)خوێندکار | ڕاپرسی | ئاڕاستەی مامۆستایان بۆ فێربونی ئەلیکترۆنی ئەرێنی بو، بەڵام سەبارەت بەخوێندکاران لەڕوی ئامارەوە گۆڕانکاری ئەرێنی هەیە بۆ فێربونی ئەلیکترۆنی لە ئاڕاستەیانەوە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| حسامو<br>سوريا<br>٢٠١٠ | واقع التعليم الإلكتروني في جامعة تشرين من وجهة نظر كل من أعضاءالهيئة التدريسية والطلبة | ڕاستی فێربونی ئەلیکترۆنی لەزانکۆی تشرین لەڕوی ماوەی بەکارهێنانی، باشییەکانی، خراپییەکانی، سنوری جێبەجێکردنی لەڕوانگەی هەریەک لەئەندامانی بۆردی وانەوتنەوە وخوێندکاران، هەروەها هەندێک پێشنیار بۆ یارمەتی دان لەبەرەو پێش بردنی فێربونی ئەلیکترۆنی بەزانینی باشیەکانی و خراپیەکانی وسنوری بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی | وەسفی شیکاری | ئەندامانی دەستەی فێرکردن (أعضاء الهيئة التدريسية ) کە (١١٣)ئەندامن وە خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لەزانکۆی تشرین کە(٧٧٤) خوێندکارە | ڕاپرسی | بەرژەوەندی ئەندامانی دەستەی فێرکردن وخوێندکارانی زانکۆ لەفێربونی ئەلیکترۆنی کەم بو، هەروەها ناردنی ئیمەیڵ وانەوتنەوە بەشێوەی دەنگی و ڤیدیۆیی کە کەمترینی بەکارهێنانەکان بو، نمونەی توێژینەوەکەش جەختیان لەڕۆڵی فێرکردنی خودی دەکردەوە بەزیادکردنی کارامەیی لەبواری کۆمپیوتەر، لایەنی خراپی ئەوەیە ڕۆڵی مامۆستایان کەم دەکاتەوە هەروەها بەهۆی زۆری دانیشتن لەبەردەم کۆمپیوتەر توشی نەخۆشی زۆردەبن، گرنگترین کۆسپەکانیش نەبونی ژوری تایبەتە بەفێربونی ئەلیکترۆنی |
| الفهمي<br>سعوديه<br>٢٠١٢ | واقع أستخدام التعليم الإلكتروني في التدريس المواد الأجتماعية بالمرحلة الثانوية بمدينة مكة المكرمة | بۆ ناسینەوەو گرنگی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لەوانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان وە پلەی بەکارهێنانی وتیشک خستنەسەر کۆسپەکانی بەردەم بەکارهێنانی لەڕوانگەی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی لەمەککەو دەرخستنی بونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوەکانی وەک (شارەزایی، خولی پەروەردەیی لەبواری فێربونی ئەلیکترۆنی، شارەزایی لەکۆمپیوتەر) | وەسفی | مامۆستایانی زانستەکۆمەڵایەتیەکان لەقۆناغی ناوەندی کە(١١٠) مامۆستا لەمەککە | ڕاپرسی | گرنگی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی بەرزە و پلەی بەکارهێنانی لەلایەن مامۆستایانەوە مام ناوەندە، کۆسپەکانی بەردەم ئەم فێربونە زۆرە |

## - شیکاری بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشو

لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوانەی پێشتر خراونەتەڕو، توێژەران بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشو دەکەن بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچون وجیاوازی نێوانیان:

1 - سەبارەت بەشوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە: هەریەک لە توێژینەوەکانی السفیاني (٢٠٠٨)، الردادي (٢٠٠٨)، الفهمي (٢٠١٢) لە سعودیە، وە توێژینەوەی الشناق و دومي (٢٠١٠) لەئوردن، حسامو (٢٠١٠) لەسوریا، وە توێژینەوەی الحربي (٢٠٠٧) لەسودان ئەنجامدراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە خوێندنە لەهەرێمی کوردستان تازەیەو چەند ساڵێکە پەیڕەو دەکرێت لەناوەندەکانی خوێندن ئەمەش لەدوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covid 19) پەنابرایە بەر ئەم جۆرەی خوێندن لەکوردستاندا، هەر لەبەرئەمەش هیچ توێژینەوەیەک لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە، بۆیە بەباشمان زانی توێژینەوەیەک لەم بوارەدا ئەنجام بدەین کەشاری سلێمانی لەهەرێمی کوردستان شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەبێت.

2 - ئامانجی توێژینەوەکان جیاوازی لەنێوانیاندا هەبو، هەندێکیان ئامانجیان گرنگی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە بابەتەکانی خوێندن لەڕوانگەی مامۆستایان وەک (السفیاني ٢٠٠٨) و (الفهمي ٢٠١٢) و (الحربي ٢٠٠٧)، هەندێکی تریان پەروەردەو فێربونی ئەلیکترۆنی لەزانکۆدا لەڕوی باشی وخراپییەکانی وماوەی بەکارهێنانی وەک (حسامو ٢٠١٠)، یاخود ئامانجیان زانینی ئاراستەی مامۆستایان وسەرپەرشتیاران و خوێندکارانە بۆ بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی وەک توێژینەوەکانی (الردادي ٢٠٠٨) و(الشناق ودومي ٢٠١٠)، هەرچی ئەم توێژینەوەیەشە هاوشێوەی دو توێژینەوەکەی کۆتاییە، کە ئامانج لێی ئاراستەی مامۆستایان بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئاستەنگەکانی بەردەمیان.

3 - لەڕوی میتۆدەوە: توێژینەوەکان زۆربەیان میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە وەک (السفیاني ٢٠٠٨)، الردادي (٢٠٠٨)، الفهمي (٢٠١٢)، حسامو (٢٠١٠)، الحربي (٢٠٠٧)، تەنیا توێژینەوەکەی الشناق ودومي (٢٠١٠) میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە، ئەم توێژینەوەیەش وەک توێژینەوەکانی سەرەوە پەیڕەوی میتۆدی وەسفی دەکات لەبەرئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانیدا هاوڕێک و گونجاوە.

4 - لەڕوی قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوە: توێژینەوەکانی پێشو نمونەی جیاوازیان وەرگرتوە لەمامۆستا وخوێندکارو سەرپەرشتیار، (٢٠٥) مامۆستا و(٤٥) سەرپەرشتیار (السفیاني ٢٠٠٨)، (٢٠٦) مامۆستا و(١٢) سەرپەرشتیار (الردادي ٢٠٠٨)، (٢٨) مامۆستا و(١٢٠) خوێندکار (الشناق ودومي ٢٠١٠)، (١١٠)مامۆستا (الفهمي ٢٠١٢)، (١١٣) مامۆستا و(٧٧٤) خوێندکار (حسامو ٢٠١٠)، (٨٦) پسپۆڕ و(٣٠) مامۆستا (الحربي ٢٠٠٧)، وە ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم کۆمەڵگای توێژینەوەکەی (٥٣٠) مامۆستای نێر ومێ بون کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (٢٥٤) مامۆستا لەهەردو ڕەگەز بونە نمونەی توێژینەوەکەی.

5-لەڕوی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەوە: توێژینەوەکانی پێشو ئامرازی جیاوازیان بەکارهێناوە کە هەمویان ئامرازی ڕاپرسی بوە، و ئەم توێژینەوەیەش وەکو هەمان ئەوانەی پێشو ئامرازی ڕاپرسی کراوەو داخراوی بەکارهێناوە.

- **سود بینین لە توێژینەوەکانی پێشو:**

1 - دڵنیابون لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکەی و ئاشنابون بەم ڕێگاو شێوازانەی کە بۆ چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت.

2 - دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەکە.

3 - چۆنیەتی وپشت بەستن و بەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەیی وەسفی گونجاو بۆ بارودۆخی ئەم توێژینەوەیە.

4 - دیاریکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە و شێوازی هەڵبژاردنی.

5 - هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاوی ئاماری بۆ گەیشتن بەئەنجام وشیکردنەوەیان.

6 - ئاشنابون بەو سەرچاوانەی کەپەیوەندیان بەم توێژینەوەیە هەیە.

7 - چۆنیەتی دۆزینەوەو دەرهێنانی ڕاستی وجێگیری لە ئامرازەکانی توێژینەوەکەدا.

## بەشی سێیەم:

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** سەرکەوتن و بەهێزی ئەنجامەکانی هەر توێژینەوەیەک بەستراوەتەوە بەو بەڕێبازو ئامرازە بەکارهتوەکانی توێژینەوەکەوە، ئەگەرچی و هیچ کام لە ڕێبازەکان نابنە هەڵە و ناڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕێبازێک لەڕێبازەکانی توێژینەوە بەگوێرەی مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەبنە پاڵپشت و خاڵی بەهێزی توێژینەوەکە، لەم ڕوانگەیەشەوە دەردەکەوێت هەتاوەکو توێژەران نزیکتر بن لەڕێبازە گونجاوەکان (چ بەتاک یان بە کۆ) بەو ئەندازەیە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەیان ماندارترو دروستتر دەبێت. بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە .میتۆدی وەسفی ئەو جۆرە میتۆدە دەکۆڵێتەوە لە دیاردەیەک یان ڕوداوێکی هەنوکەیی لەپێناو گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەبێ دەست تێوەردانی توێژەر. (الأغا و الأستاذ،١٩٩٩: ٨٣).

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** بەگوێرەی بەبیل (Babble, 1986: 106) کۆمەڵگەی توێژینەوە بەوە دەناسێنرێت کە هەمو ئەو تاکان یاخود ئەو گروپە دەگرێتەوە کە هەڵگری زانیاری دیاریکراوی توێژینەوەن. کەواتە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی بازنەی (سێ) قۆناغەکانی (٧ و٨ و٩) لە هەردو پەروەردەی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی دەگرێتەوە بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی وانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان تیایاندا دەوترێنەوە، کە پێکدێن لە (٦٥) قوتابخانە لە پەروەردەی

ڕۆژهەڵات و هەروەها (٨٣) قوتابخانە لە پەروەردەی ڕۆژئاوا، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، کە سەرجەمی دەکاتە (١٤٨) قوتابخانە، کە (٥٣٠) مامۆستای بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو قوتابخانانە وانە دەڵێنەوە، وەک لە خشتەی (٢) خراوەتەڕو:

خشتەی (٢)ژمارەی قوتابخانەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە

| ژ | ناوی بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٦٥ | ٢١٠ |
| ٢ | پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٨٣ | ٣٢٠ |
| کۆی گشتی | | ١٤٨ | ٥٣٠ |

**سێیەم: نمونەی توێژینەوەکە:** نمونەی توێژینەوە بریتیەلە بەشێک لە کۆمەڵگاکە کە لێی هەڵدەبژێرێت بەشێوەیەک کە گوزارشتی ئەو کۆمەڵگایە بکات و ئامانج و مەبەستەکانی توێژینەوەکە بەدیبهێنێت. (دیاب، ٢٠٠٣: ٨٩). هەر بۆیە جۆری نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (عشوائی) هەڵبژێردرا بۆ ئەو مامۆستایانەی کە وانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێنەوە لەهەردو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان (٢٥٤) مامۆستابو کە دەکاتە ڕێژەی (٤٧.٩٢٪) لەکۆی کۆمەڵگای توێژینەوە کە (٥٣٠) مامۆستایە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی سنوری هەردو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی. بڕوانە خشتەی (٣) و (٤) و (٥) و (٦).

خشتەی (٣) نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز

| ژ | ڕەگەز | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٠٣ | ٪٤٠.٥ |
| ٢ | مێ | ١٥١ | ٪٥٩.٥ |
| کۆی گشتی | | ٢٥٤ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٤) نمونەی توێژینەوەکە بەپێی پلەی زانستی

| ژ | پلەی زانستی | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | دبلۆم | ٤٢ | ٪١٧ |
| ٢ | بەکالۆریۆس | ٢١٢ | ٪٨٣ |
| کۆی گشتی | | ٢٥٤ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٥) نمونەی توێژینەوەكە بەپێی پسپۆڕی

| ژ | پسپۆڕی | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | جوگرافیا | ٨٦ | ٣٤٪ |
| ٢ | مێژو | ٧١ | ٢٨٪ |
| ٣ | بەشەكانی تر | ٩٧ | ٣٨٪ |
| كۆی گشتی | | ٢٥٤ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٦) نمونەی توێژینەوەكە بەپێی ساڵانی خزمەت

| ژ | ساڵانی خزمەت | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١-٥ | ٢٧ | ١١٪ |
| ٢ | ٦-١٠ | ٣٦ | ١٤٪ |
| ٣ | ١١-١٥ | ٥٧ | ٢٢٪ |
| ٤ | ١٥ و بەسەروەو | ١٣٤ | ٥٣٪ |
| كۆی گشتی | | ٢٥٤ | ١٠٠٪ |

**چوارەم: ئامادەكردنی ئامرازی توێژینەوەكە:** لەبەرئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاستی مامۆستایانی زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە قوتابخانە بنەڕەتیەكان لەناو شاری سلێمانی دا، ئەمەش پێویستی بەكۆكردنەوەی زانیارییەكی فراوان هەیە، سەرەڕای بڵاوی نمونەی توێژینەوەكە، پاشان وەرگرتنی ڕای شارەزایان، توێژەران وایدەبینن فۆڕمی ڕاوەرگرتن ئامرازێكی گونجاوە بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكانی لێكۆڵینەوەكەی. " فۆڕمی ڕاوەرگری لەو ئامرازانەیە كە لە توێژینەوەی وەسفی دا زۆر بەكاردەهێنرێت، وەك لە توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونییەكاندا" (كشرود، ٢٠٠٧: ١٩٩). ئەوەش دەبێت بزانین كەئامانج لەبەكارهێنانی فۆڕمی ڕاوەرگری (استبیان) گەیشتنە بە زانیاری و ڕاوبۆچونەكان كە ناكرێت بەئامرازەكانی دەستمان بكەوێت، هەروەها كەسی وەڵامدەر دەتوانێت بەئازادانە وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە، سەرەڕای ئەوەش فۆڕمی ڕاوەرگرتن لەزۆرترین ئامرازە بڵاوەكانە ئەمەش بەهۆی ئاسانی جێبەجێكردنی بەسەر كۆمەڵگەیەكی گەورەدا بەماوەو كاتێكی كەم، هەروەها ئاسان شیكردنەوەی ئەنجامەكان. (جابر وكاظم، ١٩٧٣: ٢٥٦).

هەربۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە توێژەران ئامرازێكی ئامادەكراوی گونجاویان دەستنەكەوت كە وەك پێویست بێت بۆ مەبەستەكانی توێژینەوەكە، توێژەران هەستان بەئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی سەرەتایی (استطلاعي) بەمەبەستی

بەدەستهێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی "چونکە بەڕای (کشرود، ٢٠٠٧) هەڵێکی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ زانینی باشترین ڕێگەو شێواز لەدواندنی بەشداربوانی توێژینەوەکەو هەروەها ناسینی تایبەتمەندی و سروشتیان" (کشرود، ٢٠٠٧: ٢٠١).

بۆ ئەم مەبەستەش فۆڕمێکی سەرەتایی پێشکەش بە نمونەیەک لە مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کرد (وەک فۆڕمی ڕاوەرگری کراوە) کە (٤) پرسیاری لەخۆگرتبو، کەپەیوەست بو بە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ناوەندی شاری سلێمانی بۆ قۆناغی بنەڕەتی پۆلەکانی (حەوت، هەشت و نۆ)، توێژەر خۆی هەستا بەدابەشکردنی فۆڕمی سەرەتایی لە بەرواری (٢٠٢٢/١/٢٠) بەسەر بەشێک لە مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکەی، لەپاش ئەوەی کاتی تەواویان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە نزیکەی (١-٢)هەفتە بولە بەرواری (٢٠٢٢/٢/٣) فۆڕمەکان کۆکرانەوەو زانیارییەکانی خاڵی کرانەوە وبەشبەشکران لەشێوەی تەوەرەدا، سەربارى ئەو زانیارییانەی کەبەدەستی هێنا، توێژەر سودی وەرگرت لە ژمارەیەک توێژینەوەی نزیک لە توێژینەوەکەی وەک (الردادي، ٢٠٠٨)، وە (الشناق ودومي، ٢٠١٠)، و (العنتبلي والخطاف، ٢٠١٦)، ئەنجامی ئەم کارانەش بو بەهۆی دارشتنی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی بەشێوەی داخراو، کە پێکهاتبو لە شەش تەوەرە (بوار) و (٥٠) برگەی لەخۆگرتبو ئەوانیش (پلانی پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی مامۆستا، ڕۆڵی فێرکار (خوێندکار)، ڕێگای وانەوتنەوە، پێکهاتەی ژینگەی پۆل، شێوازی هەڵسەنگاندن). زیادلەوەش، توێژەران ڕاپرسیەکەیان بەسەر پێوەرێکی پێنج (٥) ئاستیدا دابەشکردبو (زۆر پەسەندە، پەسەندە، تاڕادەیەک پەسەندە، پەسەند نییە، بەتەواوی پەسەند نییە) بەشێوەیە پلەبەندی (١ بۆ ٥)یان دابو بە پێوەرەکە.

**پێنجەم: ڕاستگۆی ئامرازەکە**: مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش برگە و پرسیارەکان نیشانی چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەرببڕن (بۆکانی، 2016 :174)، دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆی ڕوالەت بۆ ئامرازی توێژینەوەکە بکرێت لەماوەی گونجاودا لەنێوان بۆ چونی هەڵسەنگێنەران. (عودە، ١٩٩٩: ٣٧٠)، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنایبردەبەر ڕاوبۆچونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (١١) شارەزاو پسپۆڕی بواری (پەروەردەو دەرونزانی و پێوانەو هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو جوگرافیاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی)، هەروەک لەپاشکۆی (١) ڕونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاوبۆچونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەر گۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان، بەپێی بۆچونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان یاخود لابردنیان (٨٩.٥%)بو، بەم شێوەیەلە کۆی(٧٥)برگە (١٥) برگە لابران، بەم جۆرەش ژمارەی برگەکان بون بە (٦٠)برگە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگرتن کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (٨٩.٥٪) بو.

**شەشەم: جێگیری توێژینەوەکە:** یەکێک لەمەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی پێویستە جێگیر (نەگۆڕ) بێت، مەبەست لە جێگیری واتە: هاوشێوەبونێک هەبێت لەوەڵامەکاندا کاتێک دوبارە ئامرازەکە جێبەجێ بکرێتەوە بەسەر هەمان ئەو کەسانە و لەهەمان بارودۆخدا بەنزیکەیی. (مجاور، ١٩٧٧: ٥٠٥). جێگیری واتە: وەرگرتنەوەی هەمان ئەنجام بەنزیکەیی لەئامرازێکەوە، ئەگەر هاتو ئامرازەکەمان لەسەر هەمان گروپ یان کەسێکدا تاقیکردەوە، یان وەرگرتنەوەی هەمان ئەو ئەنجامانەی لە تاقیکردنەوەیەکی نزیک و هاوشێوەدا بەهەمان ئامراز. (الصمادی وماهر، ٢٠٠٤: ٢٠٦). توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری توێژینەوەکەی چەند ڕێگایەکی بەکارهێنا وەک:

**یەکەم: ڕێگەی بەنیوە کردن:**

یەکێکە لەڕێگەکانی دۆزینەوەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە، دوای دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر ئەندامانی توێژینەوەکە، وەڵامدانەوەی دەبێت بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بکرێت بە دو بەشەوە، گروپێکیان هەمو ئەو بڕگانی کەژمارەکانیان تاکە وەک (١، ٣، ٥،...هتد)و گروپەکەی تریشیان هەمو ئەو بڕگانەی ژمارەکانیان جوتە وەک (٢، ٤، ٦،...هتد)، دواتر لەڕێی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەست بون لەنێوان بڕگە تاک وجوتەکاندا دەردەهێنرێت بەپێی بەهاکەی بڕیاری بەسەردا دەدرێت کە لەڕێگای هاوکێشەی گەتمێنەوە بەهاکەی ڕاستدەکرێتەوە. (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٨). جێگیری پێوانەکەمان بەڕێگەی بەنیوەکردن بۆ ئامرازی توێژینەوەکە دۆزییەوە، کە هەریەک لە بڕگە تاک وجوتەکان (٣٠) بڕگەبون و ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیبو لە (٠.٥١٩)، پاشان ڕێژەی دەرهاتو لەڕێگای هاوکێشەی گەتمێنەوە (Guttman) بەهاکەی ڕاستکرایەوە کە بو بە (٠.٦٨٩).

خشتەی (٧) هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی ئامرازەکە

| بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | هاوکۆلکەی جێگیری | هاوکۆلکەی جێگیری دوای ڕاستکردنەوە لە ڕێگای هاوکێشەی گەتمێن (Guttman) |
|---|---|---|---|---|---|
| تاک | ٣٠ | ٣٧٢.٦٦٦٧ | ٣٧.٤٥٢٨ | **٠.٥١٩ | ٠.٦٨٩ |
| جوت | ٣٠ | ٣٧٣.٨٣٣٣ | ٣٩.٠٣٣٢ | | |

**دوەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ(Cronbachs,Alpha):**

توێژەران جێگیری پێوانەکەیان بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە، کە یەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (١٠٠) مامۆستای نمونەی سەرەتایی دەرکەوت، ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە (٠.٨٨٤) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

**حەوتەم: جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** پاش دڵنیابون لەڕاستی وجێگیری ئامرازەکە، خودی توێژەران ئامرازی ڕاپرسیەکەیان دابەشکرد بەسەر نمونەی سەرەکی توێژینەوەکە، لەمامۆستایان بەشێوەی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی لە ماوەی نێوان (٢٠٢٢/٥/٩) بۆ (٢٠٢٢/٥/٢٥)، بەشێوازی دەستی و ئەلیکترۆنی، کە پێکهاتبو لە (٦٠) بڕگەو دو پرسیاری کراوەیان ئاڕاستەکرابو، و بۆ هەر بڕگەیەک پێنج ئاست دانرابو بەم شێوەیە (زۆر پەسەندە، پەسەندە، تاڕادەیەک پەسەندە، پەسەند نییە، بەتەواوی پەسەند نییە)، لەلایەن

توێژەرەوە سەردانی بەشداربوان كراوەو ڕونكردنەوەی پێویستیان بۆكراوە، داوا لەمامۆستایانیش كراوە كە بەوردی و ڕونی گشت برگەكان بخوێننەوەو وەڵام بدەنەوە بەپێی ئەو نوسراوە كارئاسانییە كە پێیدرابو، پاش ئەوەی كاتی تەواو درا بەمامۆستایانی بەشداربوی توێژینەوەكە، دەسكرا بەكۆكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسییەكە زانیارییەكانی بەتاڵكردەوە لەفۆرمی تایبەتدا كە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەكرابون.

## هەشتەم: ئامرازە ئامارییەكان:

١. سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە كۆمەڵایەتییەكان ڤێرژنی(٢٥) وەرگیراوە بۆ بەكارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

- هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط پيرسون-Pearson Correlation Coefficient) بۆئەژماركردنی جێگیری بەڕێگەی دوبارە جێبەجێكردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەكان بەكارهات.
- ئەلفا-كرۆنباخ (Alpha Cronbachs) بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەكە.
- بەكارهێنانی(Independent Sample T-Test) بۆ دۆزینەوەی توانای جیاكاری برگەكان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەكاندا.
- تاقیكردنەوەی(t)تائی بۆ دو نمونەی سەربەست(Independent Sample T-Test) تاقیكردنەوەی (t) بۆیەك نمونە(One Sample T-Test).
- بەكارهێنانی هاوكێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).
- بەكارهێنانی هاوكێشەی گەتمێن (Guttman).

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە و شیكردنەوەیان:

لەم بەشەدا شیكردنەوە بۆ داتاكان و خستنەڕوی ئەنجامەكان دەكەین بەگوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەكان كە لە بەشی یەكەمی توێژینەوەكەدا دیاریكراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 – **ئامانجی یەكەم:** زانینی ئاستی بەكارهێنانی خوێندنی ئەلیكترۆنی لە وانەی زانستە كۆمەڵایەتییەكان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەشێوەیەكی گشتی؟

دوای كۆكردنەوەی داتاكان و بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەك نمونە بە بەكارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەركەوت كە نرخی (t) هەژمارەكراو (134.048) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی كە (١.٩٦) بو بە نمرەی ئازادی (210) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەك لە خشتەی (٨) ڕونكراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەكرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە خوێندنی ئەلكترونی لە ئاستێكی بەرزدایە.

خشتەی ژمارە (٨)

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێوەری خوێندنی ئەلکترونی

| ئاستی بەڵگەداری ئاماریی(٠.٠٥) | بەهای تی | | نمرەی ئازاد | لادانی پێودانگی | ناوەندی ژمێرەیی | نمونە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | خشتەیی | هەژمارکراو | | | | |
| بەڵگەدارە | ١.٩٦ | 134.048 | 210 | 20.07480 | 185.6952 | 210 |

وەک لە خشتەی ژمارە (٨) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (134.048)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (١.٩٦) و نمرەی ئازاد یەکسانە (210) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی کە بەهای(t) هەژمارکراو (134.048) گەورەترە لە بەهای (١.٩٦) خشتەیی، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی (نمونەی توێژینەوەکە) بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێننەوە بۆ شارەزایی باشی مامۆستایان لە تەکنەلۆژیای سەردەم و بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن مامۆستایانەوە ئەمەش وایکردوە ئاستی مامۆستایان بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی بەرزبێت.

**ئامانجی دوەم: زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی (T-test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی ئەژمارکراو (٠.935) بەنمرەی ئازاد (٢١٠)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) وەکو لەخشتەی ژمارە (٩) خراوەتەڕو.

خشتەی(٩)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی (t) (دو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)

| ئاستی بەڵگەداری 0.05 | بەهای تی | | نمرەی ئازادی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | ژمارە | ڕەگەز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خشتەیی | هەژمارکراو | | | | | |
| بەڵگەدار نییە | 1.96 | ٠.935 | ٢٠٨ | 21.00555 | 184.2283 | 92 | نێر |
| | | | | 19.33111 | 186.8390 | 118 | مێ |

وەک لەخشتەی ژمارە (٩) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (935.٠)و بەهای خشتەیی یەکسانە(١.٩٦) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(٢٠٨) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلکترونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەران پێیانوایە بەشێک لە هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاواتای بیرکردنەوە و تێروانینی هەردو ڕەگەز نێر ومێ لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترونی.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس و دبلوم) لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی (T-test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای (t)ی ئەژمارکراو (٠.٦٩٣) بەنمرەی ئازاد (٢١٠)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) وەکو لەخشتەی ژمارە (١٠) خراوەتەڕو.

خشتەی(١٠)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی (t) (دو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم – بەکالۆریۆس)**

| بڕوانامە | دوبارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازاد | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| بەکالۆریۆس | 176 | 185.2727 | 20.89141 | ٢٠٨ | ٠.٦٩٣ | ١.٩٦ | بەڵگەدار نییە |
| دبلۆم | 34 | 187.8824 | 15.22909 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (١٠) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (٠.٦٩٣)و بەهای خشتەیی یەکسانە (١.٩٦) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (٢٠٨) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بڕوانامەی (دبلۆم و بەکالۆریۆس) لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس)، توێژەران هۆکاری بەشێک لەم ئەنجامەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی نمونەی توێژینەوەکەمان زانیارییەکانیان لەسەر شێوازی

فێربونی ئەلیکترۆنی وەک یەکەو هیچ جیاوازیەک بەدیناکرێت لەنێوانیان، بەهۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەلای مامۆستایان وایکردوە شارەزایی تەواویان هەبێت لە شێوازو ڕێگای وانەوتنەوەی سەردەم، هەر بە جیاوازی لەبڕوانامەکانیان هیچ کاریگەریەکی نییە لەسەر پێوەری فێربونی ئەلیکترۆنی.

**ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی:**

بۆ زانینی جیاوازی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەی پسپۆڕی لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی. توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحلیل التباین الاحادی) ( one way ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کە ئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (١١) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (١١)

ئەنجامی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 1218.731 | 2 | 609.365 | 1.520 | ٠.221 | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو کۆمەڵەکاندا | 83007.765 | 207 | 401.004 | | | |
| کۆی گشتی | 84226.495 | 209 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (١١) دا دەردەکەوێت، بەهای (f) (1.520)و بەهای بەڵگەداری (٠.221)، و بەنمرەی ئازاد (247) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠.221) ئەژمارکراو گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری. بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی پسپۆڕی خوێندن لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترونی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی. کەواتە پسپۆڕی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبوە لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش بەشێک لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبونی هەمان زانیاری و شارەزایی لەلای مامۆستایانی خاوەن پسپۆڕی بەهۆی تازەیی ئەم شێواز و ڕێگای خوێندنە لەهەرێمی کوردستان، کە لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەم چەند ساڵەی پێشودا بەناچاری پەنا بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی برا لەناوەندەکانی خوێندندا، بەهۆکاری دانەبڕانی خوێندکاران لە خوێندن نەفەوتانی ساڵێکی نوێی خوێندنیان.

**ئامانجی پێنجەم: زانینی ئاستی خوێندنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت:**

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەی ساڵانی خزمەت لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی. توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادی) (one way **ANOVA**) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (١٢) خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (١٢)

ئەنجامی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 3870.404 | 3 | 1290.135 | 3.307 | ٠.021 | بەڵگەدارە |
| لە ناو گروپەکاندا | 80356.091 | 206 | 390.078 | | | |
| کۆی گشتی | 84226.495 | 209 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) دا دەردەکەوێت، بەهای (f)(٣.٣٠٧)و بەهای بەڵگەداری (٠.٠٢١)، بەنمرەی ئازاد (٢٠٦) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠.٠٢١) بچوکترە لەئاستی بەڵگەداری. بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ساڵانی خزمەت لای مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت. کەواتە ساڵانی خزمەتی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە کاریگەری هەیە لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی هەروەک لەخشتەی (١٣) جیاوازەییەکە ڕونکراوەتەوە، توێژەران پێیانوایە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی زیاتری ئەو مامۆستایانە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و ئەو ڕێگاو شێوازانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە خوێندکاران لە ڕێگاو شێوازە کلاسیکییەکان و تازەکان. بۆ دیاریکردنی ئەم جیاوازییە بۆ نمرەکانی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری خوێندنی ئەلیکترۆنی، توێژەران پشتیان بەتاقیکردنەوەی (LSD) وەک لەخشتەی (١٣) دەرکەوێت.

خشتەی(١٣)

تاقیكردنەوەی (LSD)

| تاقیكردنەوەی (LSD) بۆ خوێندنی ئەلكترونی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵانی (I) خزمەت | ساڵانی (J) خزمەت | ناوەندە ژمێرەیی جیاوازی (I-J) | هەڵەی پێوەری | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥) |
| ١-٥ | ٦-١٠ | -9.89881 | 5.49405 | .073 | بەڵگەدار نییە |
| | ١١-١٥ | -9.54167 | 4.93760 | .055 | |
| | ١٥-بەرەو سەرەوە | -.92803 | 4.44965 | .835 | |
| ٦-١٠ | ١-٥ | 9.89881 | 5.49405 | .073 | بەڵگەدار نییە |
| | ١١-١٥ | .35714 | 4.69659 | .939 | |
| | ١٥-بەرەو سەرەوە | 8.97078* | 4.18061 | .033 | بەڵگەدارە |
| ١١-١٥ | ١-٥ | 9.54167 | 4.93760 | .055 | بەڵگەدار نییە |
| | ٦-١٠ | -.35714 | 4.69659 | .939 | |
| | ١٥-بەرەو سەرەوە | 8.61364* | 3.41655 | .012 | بەڵگەدارە |
| ١٥- بەرەو سەرەوە | ١-٥ | .92803 | 4.44965 | .835 | بەڵگەدار نییە |
| | ٦-١٠ | -8.97078* | 4.18061 | .033 | بەڵگەدارە |
| | ١١-١٥ | -8.61364* | 3.41655 | .012 | |

وەک لە خشتەی(١٣)دا دەردەكەوێت، پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوان ساڵانی خزمەت (١-٥، ساڵانی خزمەتی (٦-١٠)(١١-١٥)(١٥-بەرەو سەرەوە)، هەروەها پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوان ساڵانی خزمەتی (٦-١٠) و ساڵانی خزمەتی (١-٥) (١١-١٥)ساڵی، بەڵام جیاوازی ئاماری هەیە لەگەڵ ساڵانی خزمەتی (١٥-بەرەو سەرەوە)، هەروەها پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوان ساڵانی خزمەتی (١١-١٥) و ساڵانی خزمەتی (١-٥)(٦-١٠) ساڵی، بەڵام پەیوەندی ئاماری هەیە لەگەڵ ساڵانی خزمەتی (١٥-بەرەو سەرەوە)، هەروەها پەیوەندی ئاماری نییە لەنیوان ساڵانی خزمەتی(١٥-بەرەو سەرەوە) لەگەڵ ساڵانی خزمەتی (١-٥)، بەڵام پەیوەندی ئاماری هەیە لەگەڵ ساڵانی خزمەتی (٦-١٠)(١١-١٥) ساڵی. هۆكاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی زیاتری ئەو مامۆستایانەی كە ساڵانی خزمەتیان زیاترە لە شێوازو ڕێگاكانی وانەوتنەوە، هەروەها باشتر خۆیان گونجاندوە لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەو فێركردن، جگەلەمەش بەشێكی زۆری ئەو مامۆستایانە بڕوانامەكانیان لە دبلۆمەوە گۆڕیوە بۆ بەكالۆریۆس لەم چەند ساڵەی دوایدا بەدوبارە خوێندنەوەیان لە زانكۆكان ئەمەش وایكردوە كە شارەزایی زیاتر پەیدابكەن لەو شێوازو ڕێگا باوانەی سەردەم كەلەجیهاندا هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەم جیاوازیە بەدی دەكرێت.

## بەشی پێنجەم

### دەرئەنجامەكان

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەكە پێی گەیشتوە، توێژەران گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1 –ئاستی بەكارهێنانی خوێندنی ئەلیكترۆنی لای مامۆستایانی زانستە كۆمەلآیەتییەكان لەشاری سلێمانی بەشێوەیەكی گشتی لەئاستێكی بەرزدایە.

2 –هیچ جیاوازیەكی ئاماری نییە لە ئاستی بەكارهێنانی خوێندنی ئەلیكترۆنی لای مامۆستایانی زانستە كۆمەلآیەتییەكان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

3 – هیچ جیاوازیەكی ئاماری نییە لە ئاستی بەكارهێنانی خوێندنی ئەلیكترۆنی لای مامۆستایانی زانستە كۆمەلآیەتییەكان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی زانستی.

4 –هیچ جیاوازیەكی ئاماری نییە لە ئاستی بەكارهێنانی خوێندنی ئەلیكترۆنی لای مامۆستایانی زانستە كۆمەلآیەتییەكان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی.

5 –جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی بەكارهێنانی خوێندنی ئەلیكترۆنی لای مامۆستایانی زانستە كۆمەلآیەتییەكان بەپێی گۆڕاوی سالآنی خزمەت لەلای ئەو كۆمەڵەیەی كە سالآنی خزمەتیان لە (١٥ ساڵ و بەرەو سەرەوە)یە بەبەراورد بە كۆمەڵەكانی تر.

### ڕاسپاردەكان:

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەكانی توێژینەوەكە، توێژەران ئەم ڕاسپاردانە دەخەنەڕو:

1 –ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ بەكارهێنانی شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ خوێندكاران لەكاتی بەكارهێنانی فێربونی ئەلیكترۆنیدا.

2 –ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی ڕاهێنانیان پێبكرێت لەسەر چۆنیەتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە كەرتی پەروەردەدا و چۆنیەتی بەكارهێنانی شێوازی فێركاری لەڕێگەی تەكنەلۆجیاو زانیاری سەردەم، كە لەگەڵ بەكارهێنانی فێربونی ئەلیكترۆنیدا بگونجێت.

3 –دابینكردنی شوێنی گونجاو (تاقیگە) بۆ بابەتەكانی زانستی كۆمەلآیەتی بەتایبەتی جوگرافیا لە قوتابخانەكان، چونكە ئامرازو كەرەستەی فێركاری جۆراوجۆر بەكاردەهێنرێت بەتایبەتی تەكنەلۆژیای نوێ، بۆ هاوكاریكردنی مامۆستایان و خوێندكاران لە كاتی جێبەجێكردنی فێربونی ئەلیكترۆنی لەسەر بنەمای بەردەوام.

4 –ڕاهێنانی خوێندكاران لەسەر تواناكانی فێربون و بەكارهێنانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە پرۆسەی خۆفێربوندا (فێركردنی خودی).

5- دامەزراندنی ماڵپەڕ و ویّب سـایتی پەیوەندیدار بە ڕاهێنانی مامۆسـتایان لەسـەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

## پێشنیارەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەران چەند پێشنیارێک دەخەنەڕو ئەوانیش:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشـێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ مامۆسـتایانی جوگرافیا لە خوێندنگە ئامادەییەکان لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشـێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ مامۆسـتایانی مێژو لە خوێندنگە ئامادەییەکان لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسـەر ڕاسـتی بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی زانستەکۆمەڵایەتیەکاندا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و ئاستەنگەکان.

4- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان قوتابخانە بنەڕەتییە حکومی و ئەهلییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی زانستی کۆمەڵایەتیدا.

5- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسـەر ئاسـتەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی فێربونی ئەلیکترۆنی لە فێرکردنی زانستی کۆمەڵایەتی لەقۆناغەکانی تری خوێندن لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە.

# The level of use of e-learning in social sciences lessons in primary schools in Sulaimani from the perspective of teachers

**Fareeda Muhammad Mahmood[1] - Solaf Faiq Muhammad[2] - Fouad Khalid Saeed[3]**

[1+3]Department of Social Sciences, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department Kindergarten, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The aim of the researchers is to determine the level of use of e-learning in social sciences lessons in primary schools in Sulaimani from the perspective of teachers for the academic year (2021-2022). The researchers relied on the descriptive analytical method according to the nature of the research. The study population consists of all social science teachers in primary schools of the third circle in both eastern and western education of Sulaimani, which numbered (148) schools. The sample consists of (254) teachers in both eastern and western education of Sulaimani (151) He was a female teacher, The survey form was created based on an open survey for some of the teachers of the research sample and sources and research related to this topic and then published in the research community to collect different opinions of social science teachers in both education, The content of the survey form consisted of a number of scientific and educational topics, After preparing the tool and determining the accuracy of the measure according to the opinion of experts. Then to determine the stability of the survey form, based on the method of halving and alpha-Cronbach stability of the tool was determined The sample of the study was implemented using statistical equations, with the analysis of variables (gender, academic degree, specialty and years of service) using the program (SPSS). In order to show the difference. The researchers has found that the level of e-learning in social sciences in terms of teachers is generally at a high level, and there is no statistic difference in the level of e-learning among social science teachers according to gender variated. There is no statistical difference in the use of e-learning among social science teachers according to the specialty variable, however, the results show that there is a statistical difference in the use of e-learning among social science teachers according to the variable years of service.

**Keywords:** Teachers, Social Sciences, E-Learning, Primary Education.

## سەرچاوەكان:


1 – أحمد و نوری، سامان حسێن و عادل محمد (٢٠١٩): ئاراستەی مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی پسپۆرییەکانیان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، ب ٢٣، ژ ٣، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

2 – أدوري، علي حسين (٢٠٠٩): اصول التربية في مفهومها الحديث، دار أثراء للنشر – الاردن.

3 – الأغا والأستاذ، إحسان خليل ومحمود حسن (١٩٩٩): تصميم البحث التربوي (النظرية والتطبيق)، مطبعة الرنتيسي، غزة، فلسطين.

4 – بۆکانی، سابیر (٢٠١٦): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی١.

5 – بۆکانی، سابیر (٢٠٢٠): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی٢.

6 – جابر وكاظم، جابر عبدالحميد وأحمد خيري (١٩٧٣): مناهج في التربية وعلم النفس، دار النهضة العربية، القاهرة.

7 – دعمس، مصطفى نمر (٢٠٠٩): تكنولوجيا التعلم وحوسبة التعليم، ط١، عمان، دار غيداء للنشر والتوزيع.

8 – دياب، سهيل رزق (٢٠٠٣)مناهج البحث العلمي،غزة-فلسطين.

9 – رسول، ابراهيم رسول (٢٠١٤): دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە،چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

10 – الصمادي وماهر، عبدالله والدرابيع (٢٠٠٤): القياس و التقويم النفسي و التربوي بين النظرية و التطبيق، مركز يزيد للنشر، ط١، جامعة المؤتة.

11 – الطيطي، محمد وأخرون (٢٠٠٢): مدخل الى التربية، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة.

12 – العيسى، عبدالوهاب (١٩٧٤): تنظيم تعليم الاجتماعيات في المرحلة الابتدائية، مطبعة وزارة التربية، بغداد – عيراق.

13 – عبدالله و ئەحمەد، عادل محمد نوری و عومەر عەلی (٢٠١٨): ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی (ئی-سکوڵ) وکاریگەری لەپرۆسەی پەروەردەدا، پرۆسیدینگی کۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی سۆران و پەیمانگە تەکنیکیە تایبەتەکانی (ڕواندز – ئایندە – ئاکرێ)، سۆران – هەولێر.

14 – غلوم، منصور (٢٠٠٣): التعليم الإلكتروني في مدارس التربية بدولة الكويت، ورقة عمل مقدمة لندوة التعليم الإلكتروني خلال الفترة ٢١-٢٢ إبريل، الرياض، مدارس الملك فيصل.

15 – قادر،رەمەزان حەمەدەمین(2020): بنەماکانی پەروەردەی سەردەم، چ1، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی،چاپخانەی سایە – سلێمانی.

16 – کاکە شێخ، هەردەوان مەحمود (٢٠١٨): ئابوری فێرکردنی ئەلیکترۆنی وکاریگەری فێرکردنی ئەلیکترونی لەسەر ئاستی دەرچوان، پرۆسیدینگی کۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی سۆران و پەیمانگە تەکنیکیە تایبەتەکانی (ڕواندز – ئایندە – ئاکرێ)، سۆران – هەولێر.

17 – كشرود، عمار الطيب (٢٠٠٧): البحث العلمي و مناهجه في العلوم الأجتماعية والسلوكية، دار المناهج للنشر، عمان.

18 – مجاور، محمد صلاح الدين علي وفتحي عبدالمقصود الديب (١٩٧٧): المناهج المدرسي: أسسه وتطبيقاته التربوية، دار القلم، ط٤، كويت.

19 – محمود، ابتهال سهيل (٢٠٠٨): أثر استعمال أسلوبين للتغذية الراجعة في اكتساب المفاهيم التاريخية و استبقائها لدى طالبات الصف الثاني المتوسط، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة المستنصرية، كلية التربية الأساسية، بغداد – عيراق.

20 – Babble. Earl (1986), the Practice of Socail Resarch, Thed, Wad Sworth Belmont, Calif.

پاشکۆی ژمارە (١) ڕاستی فۆرمی ڕاوەرگری شارەزایان دەربارەی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بەپێی ئاستەکانی پۆلێنی بلۆم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) .

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نیزام عبدالجبار | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٢ | حامد مصطفی بلباس | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێجی پەروەردەی وەرزش |
| ٣ | عبدالصمد أحمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونناسی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٤ | سلوی أحمد أمین | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٥ | أیوب خسرو نادر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| ٦ | حمید عبدالله صالح | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | جوگرافیا | زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٧ | ئەردەلان لەتیف عبدالقادر | مامۆستا | زانستە پەروەردەییەکان | زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٨ | تانیا نورالدین صابر | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٩ | کوردستان محمد ئازاد | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١٠ | همزە قادر همزە محمد | سەرپەرشتیاری پەروەردەی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی | کۆمەڵایەتی | یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بنەڕەتی- سلێمانی/ ڕۆژئاوا |
| ١١ | أرسلان صالح حسین | سەرپەرشتیاری پەروەردەی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی | کۆمەڵایەتی | یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بنەڕەتی- سلێمانی/ ڕۆژئاوا |